هەرەم ... ئەنجامی زانکۆلاین راگەیەندرا



ئەم سەمەم، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئەنجامی زانکۆلاین بۆ دەرچووانی دوانزەی ئامادەیی راگەیاند ،ئاماژەی بۆشکرد، زیاتر لە 50 هەزار خوێندکاری وەڕێیی و زانستی لەزانکۆ و پەیمانگەکان وەرگیراون، هاوکات خوێندکاران دەتوانن لەم لینکەوە وەربگرنەوە ئەنجامەکەیان https://general.regayzanko.com/student/.

ئەمە ، لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ئەنجامی زانکۆلاینی راگەیاند و تێیدا، د.ئارام محەمەد وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕایگەیاند: بۆ ئەمساڵی خوێندن لە 100%ی خوێندکارانی پۆلی 12 لەزانکۆ و پەیمانگەکان وەرگیراون، هیواداربن هاوکاری بکرێین تابتوانین ساڵانە سەرجەم خوێندکارەکانمان لە زانکۆ و پەیمانگەکان جێگە بکەینەوە و مافی ئەوەیان بدەینێ لەهەرەمی کوردستان دریژە بەخوێندن بدەن.

هەواتر لەکۆنگرەکەدا، د. خەتاب ئەحمەد شێخانی بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕایگەیاند: بۆ ئەمساڵی خوێندن 54 هەزار و 278 خوێندکار داواکاریان پێشکەشکردووە، کە لەو ژمارەیە 45 هەزار و 717 خوێندکاریان دەرچووی ساڵی 2025ن و 8 هەزار و 561 کەسیشیان دەرچووی ساڵانی ڕابردوون.

ڕاشیگەیاند: پلانی وەرگرتن 65 هەزار و 476 هەزارە، کە هەزار کورسی زیاترە لەپلانی ساڵی رابردوو، هاوکات 14 هەزار و 731 کورسی بەتاڵ ماون، کە جارێکی دیکە خوێندکاران دەتوانن هەڵی بەشداریکردنیان بە پێکردنەوەی ئەو کورسییانە هەبێت.

د. خەتاب ئەحمەد شێخانی ئاماژەی بۆشکرد: کەی وەرگیراوان بە زانستی و وێژەیی 50 هەزار و 862 دەرچوو، کە 44 هەزار و 339 کەسیان دەرچووی ئەمساڵن و شەش هەزار و 523 کەسیان دەرچووی ساڵی رابردوون.

ڕۆژی 23ی9ی2025، پەسەی پشکشکردن بە وەرگرتنی دەرچووانی دوانزەی ئامادەیی لەو زانکانی هەرێمی کوردستان دەستیپێکرد.

ئەمەش لەکاتێکدایە، پشتر وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕایگەیاند: بە ئەمساڵ (57980) دەرچووی (زانستی، وێژەیی، پیشەیی، خوێندنگە نەوەوەتییەکان) لە یەک کاتدا داواکاری بە زانکۆلاین پشکش دەکەن، بەشوەیەک (42257) دەرچوو لە بەشی زانستی، (13826) دەرچوو لە بەشی وێژەیی، (1327) دەرچووی ئامادەیی پیشەیی، (570) دەرچووی خوێندنگە نەوەوەتییەکان، داواکاری بە (680) بەش لە هەرسێ جۆر خوێندنی (زانکۆلاین) و (پارالێل) و (ئێواران) بە ساڵی خوێندنی (2025-2026) لە (16) زانکۆی حکومی لە هەرێمی کوردستان پشکشدەکەن.